# ئاغای موهتەدی، بەرە لەگەڵ کێ؟

جمال احمدی

بەڕێز عبداللە موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە بابەتێکدا بە ناونیشانی" بانگەوازێکی دیکە بۆ بەرەی کوردستانی "جارێکی تر هاتۆتەوە سەر باس لە بەرەی کوردستانی و داوای پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەکات.

ئەز وەك تاکێکی کورد ، دەنگی خۆم دەخەمە ریزی دەنگی ئەو کەسانەی خەمی یەکڕێزی و یەکدەنگی کوردیان هەیە و پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی بە ئاوات دەخوازن . بەڵام ئەوەی لای من بۆتە پرسیار ئەوەیە داخۆ رێکخراوەکەی بەڕێزیان بەرە لەگەڵ کێ ساز دەکات . ئایا دەکرێ بەو رەفتارە دوژمنکارانەیەی کە رێکخراوەکەی لەگەڵ حیزب و لایەنەکانیتر دەیکات، بانگەوازێکی ئاوا بەجیدی وەربگێڕێ ؟

لە کوردستانی ئێرانی ئەمرۆ چوار حیزبی سیاسی لە تێکۆشاندان کە بریتین لە: حیزبی دیمۆکراتی کورددستانی ئێران، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کۆمەڵە ( رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ) و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران . بڵێی بەڕێز موهتەدی ئاگای لێ نەبێ یان خۆی لەوە گێلدەکات کە ئەندامانی رێکخراوەکەی هەرجار نەجارێ بە بیانووی جۆراوجۆر بە ناوی خوازراوی جۆراوجۆر ، یان بە ئاشکرا پەلاماری ئەم سێ لایەنی تر دەدات ؟

ئەوانەی سەرنجی سیاسەت و راگەیاندنەکانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران دەدەن، دەزانن کە ساڵی رابردو و چەند مانگی پێشوو ، چۆن ئەندامانی رێکخراوەکەی ئاغای موهتەدی لە سایتە ئەنتەرنێتەکانەوە ، هێرشی تەبلیغاتیان کردۆتەسەر حیزبی دیمۆکرات و ئەندامانی رێبەرایەتی ئەو حیزبە. بڵێی موهتەدی ئەو هەموو نووسینەی لە بیر نەمابێ کە لە دژی بەڕێز حەسەن شەرەفی و دواییش لە دژی بەڕێز مستەفا هیجری لە سایتەکانیانەوە بڵاویان کردەوە . بێجگە لەوەش ، بڵێی ئاغای موهتەدی ئاگای لەو هەموو هێرش و بەدگۆییە نەبێ کە ئەندام و لایەنگرانی رێکخراوەکەی لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا لە دژی حیزبی دیمۆکرات و تەنانەت شەهید د. قاسملۆی دەکەن.ئەی لەسەر فێرکردن و بارهێنانی ئەندامەکانیان بە گیانی دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەڵێن چی بڵێی بەڕێز موهتەدی رووی دەمی لە حیزبی دیمۆکرات نەبێ لە بانگەوازەکەیدا؟

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە رێکخراوەکەی بەرێز موهتەدی بە ئاشکرا دژایەتی دەکات یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانە. دەبێ بەڕێزیان لەبیریان بێ کە چۆن دووساڵ لەمەوبەر ئەندامانی رێکخراوەکەی

**لو سۆئێد هەواڵی ناڕاستی"دەرکردنی بەڕێز حسەین یەزدانپەنا" سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیان، لە ڕێکخراوەکەی بڵاو دەکردەوە. نابێ ئەوەشی لەبیرچووبێ یەکێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوەکەی بە ناوی خوازراوی " مام ئاکۆ " بە پێچەوانەی هەموو داب و نەریتی دروستی کوردەواری بە بیانووی رەخنە لە شێعری جەلالی مەلەکشا، پەلاماری بردە سەر شەهید شەعید یەزدانپەنای دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕان و خۆئەگەر ئەوانەشی لە بیرچووبێتەوە، با چاوێك لە سایتەکانی مهاباد و بروسکە بکات و بە ئارشیوی رادیۆکانیاندا بچێتەوە کە چۆن لەم دوو مانگەی رابردوودا کاریان ئەوە بووە، رابگەیەنن شوانەی ئەسفرەم ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێڕان نەبووە.**

**کۆمەڵە، ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانێش ، سەرەڕای ئەوەی بەڕێز موهتەدی و ڕێکخراوەکەی ئارەزوی دەکەن، یەکێکە لەو لایەنانەی لە کوردستان هەڵسۆرانی سیاسیی هەیە و مانگرتنی سەرانسەری ١٦ی گەلاوێژیش ئەو راستیەی سەلماندووە کە ئەو ڕێکخراوە خاوەنی نفوز و تەشکیلاتی خۆیەتی لە کوردستاندا و ئەو جۆرە نیە کە باڵەکەی تری کۆمەڵە سڕ و چەقبەستوی دەبینێ، کە چی بەداخەوە سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ خۆی یەك لەو کەسانەیە کە زیاترین دژایەتییان دەکات و بە قسەی ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەو حیزبە، ئاغای موهتەدی زۆرجار گوتوویەتی " ئەو رۆژەی جمهوری اسلامی دەرۆخێ، ئێمە هەر لە پەناوە بادەدەینەوە سەر جەماعەتی حیزبی کۆمۆنیست و خڕیان دەکەینەوە " وەك زانراویشە چەند جاریش ئارپی جییان بە مەقەڕەکانیانەوە ناوە . هەروەها ئەوەی لە رۆژی یەکەمەوە فێری ئەندامی خۆیانی دەکەن دوژمنایەتی کردنی کۆنەهاوڕێیانی خۆیانە. لەم دواییانەشدا، کاتێ کۆمەڵەی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بانگەوازی مانگرتنی گشتی راگەیاند ، ڕێکخراوەکەی ئاغای موهتەدی لە جیاتی هاندانی خەڵك بۆ مانگرتن ، تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی بوو کە بە ئاشکرا و بە راگەیاندن رەسمی داوای لە خەڵك کرد بە پیر ئەو بانگەوازەوە نەچن و زەربی رەشی لەسەر راگەیندراوی مانگرتن دا.**

**ئایا بەم حاڵەوە، بە جیددی نەگرتن بانگەوازەکەی بەڕێز سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، بەدەر لەمەنتقە؟**

**راستە بەرەی کوردستانی ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆزە. بەڵام بەرەی کوردستانی، کەسێ دەبێ بانگەوازی بۆ بکات کە رەفتار و هەڵوێستی بەرامبەر لایەنەکانیتری کوردستان مەسئولانە و دڵسۆزانە بێت. نەك بەو جۆرەی ڕێکخراوەکەی بەڕێز موهتەدی تا ئێستا کردوویە. بەڕاستی خەڵکی ئێمە لە شوعاردان و ئیدە سازی ماندوو بوون. ئەوەندەش هوشیارییان چۆتە سەرێ کە نەکەونە دوای دروشم و شیعاری بریقەدار. خەڵکی کورد، کردەوەی دەوێ. دەکرێ حیزب و ڕێکخراوەیەك لە پشتەوە خەنجەر لەوانیتر بدات و لە سەر داوای بەرەی کوردستانی بکات ؟**

٧,٩,٢٠٠٥

Close

Print

Send this article to a friend | Add the article to Favorites